# خۆشەویستی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وبیدعەی ئاهەنگی لە دایک بوونی

# محبة الرسول صلى الله عليه وسلم وبدعة الاحتفال بالمولد النبوي

< kurdish -کردي - کوردي >

پشتیوان سابیر عەزیز

بشتيوان صابر عزيز

# خۆشەویستی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وبیدعەی ئاهەنگی لە دایک بوونی

ئەم بابەتە بریتیە لەم خاڵانەی خوارەوە:

**یەکەم: مژدەی هاتنی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم:**

هاتنی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم یەکێکە لە پاڕانەوەکانی پێغەمبەر ئیبراهیم عليه السلام کە داواي کرد لە خوای گەورە پێغەمبەرێك بنێرێت لە خۆیان، وە لە دوعاکەیدا ووتی: ﴿رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولاً مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمْ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ [البقرة:129].

واتا: خوایە لە ناو نەوەکانماندا پێغەمبەرێک بنێرە لە خۆیان ئایەتەکانی تۆیان بەسەردا بخوێنێتەوە قورئان و دانایی یان فێربکات و پاکیان بکاتەوە (لە هەموو گوناهێک) بێگومان هەرتۆی بەتوانای دانا.

هەروەها هاتنەکەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم یەکێکە لە مژدەکانی عیسای کوری مەریم عليهما السلام کە کاتێك ووتی: ﴿يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِنْ بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ﴾ [الصف:6].

واتا: بیر بکەرەوە کاتێك کە عیسای کوڕی مەریەم وتی ئەی کوڕانی یەعقوب بێگومان من نێردراوی خوام بۆ لای ئێوە ئەو تەوراتەی کە لە پێش مندا هاتووە بەڕاستی دائەنێم وە مژدەتان پێ دەدەم بە پێغەمبەرێك کە لە دوای من دێ و ناوی ئەحمەدە ئینجا کاتێك کە ئەو (پێغەمبەرە) بۆی هێنان چەندەها نیشانەی ڕوون و ئاشکرا وتیان ئەمە جادوویەکی ئاشکرایە.

وە بە هاتنی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم سەر زەوی ڕۆشنابووەوە لە پاش تارکی، وە بە هۆیەوە ئوممەتی یەکخستەوە ڕێگای ڕاستی پیشان هەموو مرۆڤایەتی دا لە پاش سەرگەردانیان.

وە خەڵکی بە کۆمەڵ هاتنە ناو ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە، وە دەوڵەتی ئیسلام دروست بوو لە شاری مەدینە، وە موسڵمانان ژیانێکی نایابیان بردە سەر لە سەردەمی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، وە لەژێر سایەی یەکخواناسین و دادپەروەری و خۆشەویستی وعیزەت وبە هەیبەت لە ناو دڵی دوژمناندا.

**دووەم: خۆشەویستی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە لای هاوەڵانیدا:**

وە لە سەردەمی زێرینی ئیسلامدا هاوەڵەکان ڕەزای خوایان لێ بێت پێغەمبەری خوایان صلى الله عليه وسلم زۆر خۆشەویست وئامادەبوون بە هەموو شێوەیەك خۆیان بکەن قوربانی بۆی، وە یەکێك لەو نمونانەی خۆشەویستی هاوەڵان بۆ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بیتی بوو لە خۆشەویستی خوبەیبی کوری عەدی بەوو خوا لێی رازی بێت لە کاتێك کە موشریکەکان بە دبل گردیان وسزایەکی زۆریان دا ووتیان پێی: ئایە ئێستا حەز لێە کە موحەمەد لە جێگاکەی تۆ بێت؟ ئەویش لە وەڵامدا ووتی: سوێند بە خوا هیوای ئەوە ناخوازم کە من لە ناو کەس وکارمدا بژێم بە ئارامی وخۆشی وە پێغەمبەری خواش صلى الله عليه وسلم تونها توشی دڕکێکیش ببێت.

**سێهەم: حەقیقەتی خۆشەویستی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم:**

خۆشەویستی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بنچینەیەکە لە بنچینەکانی ئیمان وباوەڕ لە لای ئەهلی سوننەت وجەماعەت، وە خوای گەورە خۆشەویستی پێغەمبەرەکەی لەگەڵ خۆشەویستی خۆی داناوە وە هەڕەشەی لەو کەسانەش کردوە کەوا خۆشەویستی خزم وکەس وکاریان و پارە وپولیان پێش خۆشەویستی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەخەن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّى يَأْتِيَ اللّهُ بِأَمْرِهِ﴾.

واتە: ئەی موحەمەد پێیان بڵێ ئەگەر باو وباپیرتان وڕۆڵەونەوەکانتان وبراکانتان هاوسەرانتان وعەشیرەت وهۆزتان وماڵ وسامانێك کەبەدەستان هێناوە، یاخود لەبازرگانیەك دەترسن کەشکان وبێ بازاڕی ڕووی تێبکات وخانووبەرەوکۆشك نەلارێك کەحەز دەکەن لێتان تێك نەچێت ودڵخۆش پێی، لاتان بێ خۆشەویستتر ونازدارتر بێت لەخوا وپێغەمبەرەکەی وتێکۆشان لەپێناو ڕێبازی ئەو زاتەدا، دەئەوەچاوەڕوان بن، هەتا خوای گەورەدێت بەفەرمانەکانیەوە( تۆڵەتان لێ دەستێنێت)، خوای گەورەوپەروەردگاریش هیدایەت ورێنمونی گەل وهۆزی یاخی ولەسنوور دەرچوو ناکات .

وە پێغەمبەری خواش صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: { لاَ يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَلَدِهِ وَوَالِدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ}، رواه مسلم.

واتە: باوەڕی هیچ کەس لەئێوەتەواو نابێت هەتاوەکو منی لەخۆی و باوك وکوڕ و هەموو خەڵکی خۆشتر نەوێت .

وەئیمامی بوخاری فەرموودەیەکی ڕیوایەت کردوە کە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرومێت: { ثلاث من كن فيه وجد بهن حلاوة الإيمان: أن يكون الله ورسوله أحب إليه مما سواهما، وأن يحب المرء لايحبه إلا لله، وأن يكره أن يعود إلى الكفر بعد أن أنقذه الله منه كما يكره أن يقذف في النار }، رواه البخاري.

واتە: سێ سیفەت هەیە هەرکەس تێیاندا بێت ئەوە لەزەت وتام وشیرینی باوەڕەکەی دەچێژێت، خوا و پێغەمبەرەکەی لەهەموو شت لا خۆشەویستر بێت، وە هەرکەسێکیشی خۆش ویست تەنها لەبەر ڕەزامەندی خودا بێت، وەپێی ناخۆش بێت بگەڕێتەوە بۆ بێباوەڕی دوای ئەوەی خوای گەورە ڕزگاری کرد لێی، هەروەك چۆن پێی ناخۆشە بخرێتە ناو ئاگرەوە.

وە خۆشەویستی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم جێبەجێ نابێت ئیلا بە شایەتیدان کەوا موحەمەد پێغەمبەری خوای، ئەویش بە گوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکانی و دوورکەوتنەوە لەو شتانەی کە قەدەغەی کردوە، وە عیبادەت کردنی خوای گەورە بە شەریعەتەکەی، وە هەر کەسێك وا بوو ئەوە موژدەی پێدەدرێت کەوا خوای گەورەی خۆشی دەوێت ولێی خۆش دەبێت، ﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴾.

واتە: ئەی موحەمەد پێیان بڵێ ئەگەر ئێوە خوای گەورەتان خۆش دەوێت، دەی شوێن من بکەون تا خوای گەورە خۆشی بوێن .

**چوارەم: خۆشەویستی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە نێوان زیادەڕەوی وفەرامۆشکردنی:**

لە کاتێکدا کە باسی خۆشەویستی پێغەبەر دەکەین صلى الله عليه وسلم مانای ئەوە نیە کە زیادەڕەوی بکەین لەو خۆشەویستیەدا، وە کو هەندێ خەڵك لە ژێر ناوی خۆشەویستی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەپارێتەوە لێی و گومانی وا دەکات کەوا غەیب دەزانێت... وە پێغەمبەری خواش صلى الله عليه وسلم ئاگاداری کردوینەتەوە کەوا زیادەڕەوی نەکەین لە دیندا،وەکو دەفەرموێت:{ إياكم والغلو في الدين، فإنما أهلك من كان قبلكم الغلو في الدين}. وە دەفەرموێت:{ لا تطروني كما أطرت النصارى ابن مريم، فإنما أنا عبد، فقولوا: عبد الله ورسوله } أخرجه البخاري.

وە هەندێ خەڵکیش هەیە پێچەوانەی ئەو کەسانەن کەوا زیادەڕەویان کردوە لە خۆشەویستی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم، ئەوانەش ئەو کەسانەن کەوا هیچ خۆشەویستیەکیان نیە بۆ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم وبەڵکو هەندێکیان بەتەواوەتی فرامۆشیان کردوە وگاڵتە بە پێغەمبەری خوا دەکەن وهیچ ڕێز وحورمەتێکی بۆ دانانێن، بەڕاستی ئەوانە لە مەترسێکی گەورەدان، وە ئەگەر لەسەر ئەو بیروباوەڕە بمرن ئەوە ئاگری دۆزەخ جێگایانە.

**پێنجەم: پەیوەندی لە نێوان خۆشەویستی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وبیدعەی ئاهەنگی مەولود نەبەوی:**

هەندێ خەڵك وا دەزانێت كەوا ئاهەنگی ڕۆژی لە دایك بوونی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم پەیوەندی بە خۆشەویستنی پێغەمبەرەوە هەیە صلی الله علیه وسلم، وە لە ڕاستیدا هیچ پەیوەندی پێوە نیە چونكە مرۆڤی موسڵمان دەبێت لەهەموو كات وساتێكدا پێغەمبەرەكەی خۆش بوێت نەكو تەنها ئەو خۆشەوستیە لە ڕۆژێكدا دەربڕێت وهەموو ڕۆژەكانی تر بە درێژای ساڵ خۆشەویستی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرامۆش بكات و نەزانێت مانای خۆشەویستی چیە ئامادە نەبێت سوننەتێك لە سوننەتەكانی جێبەجێ بكات.

وە لەوەی سەیر تر ئەوەیە كەوا هەندێك لەوانەی كە هەڵدەستن یان بەشداری دەكەن لە ئاهەنگی ڕۆژی لە دایكبوونی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم نوێژ ناكەن یان شەراب و ئارەق دەخۆنەوە یان بەردەوامن لەسەر ئەنجامدانی تاوان گوناهكردن یان هاوبەش پەیدا دەكەن بۆ خوای گەورە یان ئسڵەن نازانن سوننەتی پێغەمبەری خوا چیە.

**شەشەم: حوكمی ئاهەنگی لە دایكبوون لە لای زانایان و ئەهلی علیم:**

زانایانی جیهانی ئیسلامی لە سەر جیاوازی كات وشوێن ورێڕەوو مەزاهبی فیقیانەوە فەتوایان داوە كە ئاهەنگگێڕان بە یادی لە دایكبوونی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم كارێكی حەرام وناشەرعی ونا بەجێیە وئەم كارە لەو بیدعەو داهێنراوانەیە كە هیچ ئەسڵ وبنەمایەكی نییە لەم ئایینەدا، وە فەرموو تۆو هەندێك لەوانە:

- شێخی ئیسلام (إبن تیمیة) كە لە زانایانی شام و موجتەهیدەكانە، سەیری (اقتضاء الصراط المستقیم (2 /619) ) و (مجموع الفتاوی(312/1) ) بكە.
- عەلامە شێخ تاج الدین عمر بن علي اللخمي السكندري بە ناوبانگ بە الفكهانی لە پەیامێكیدا لە ژێر ناوی (المورد في الكلام علی عمل المولد ) كە زانایەكی مالیكی مەزهەبە و لە ( 734)ك لە ئەسكەندەریە مردووە.
- مامۆستا (أبو عبد الله محمد الحفار) كە لەم بارەیەوە فەتوای هەیەو (الونشریسی) لە (المعیار المعرب)دا باسی كردووە، كە ئەمیش هەر لە زانایانی مەغریبە.
- (عەللامە ابن الحاج أبو عبد الله محمد بن محمد بن محمد العبدري الفاسي المالكي)، كە لە (732)ك لە قاهرة مردووە، قسەیەكی بە نرخ و بە پێزی هەیە لەم بارەوە لە سەرەتای بەشی دووەمی (المدخل)دا.
- شێخی عەللامە شیخ (محمد بخیت المطیعي) حەنەفی، موفتی وڵاتی میسر.
- شێخ (علی محفوظ) لە كتێبەكەیدا (الإبداع في مضار الابتداع.)

• (ئیمامی شاطبی) كه زانایەكی مالیكی ئەندەلوسییە و قسەیەكی بە نرخ و بە بەهای هەیە لە كتێبێكیدا كە بە ناوی (فتاوی الامام الشاطبی) چاپ كراوە.

• شێخ (ڕشید رضا) لە زیاتر لە شوێنێكدا لە كتێب و دانراوەكانیدا هەر وەك لە (المنار)دا بەشی: (96/9)، (76-74/2) (111/17) (29/ 668-664).وە فەتواكانی(بەشی پێنجەم لە لاپەڕە 2115-2112 و (بەشی چوارەم لە لاپەڕە 1243-1242).

• شێخ (أبو الطيب محمد شمس الحق العظيم آبادي) كە لە زانایانی هیندستانە، سەیری (رسالة الشيخ حمود التويجري ص235 ط. العاصمة ضمن المجموع في الرسائل الخاصة ببدعة المولد) بكە.

• شێخ (بشير الدين القنوجي) كە لە زانایانی هیندستانە و شێخ و مامۆستای (أبو الطيب)ە (سەرچاوەی پێشوو).

• شێخ (فوزان السابق) لە كتێبەكەیدا (البيان والإشهار ص 299).

• شێخ (محمد بن عبد السلام خضر الشقيري) لە كتێبەكەیدا (السنن والمبتدعات).

• شێخی ئیسلام موجەدید (محمدی كوڕی عبدالوهاب).

• عەللامە شێخ (عبد الرحمن بن حسن آل الشيخ) هەروەك لە (الدرر السنية)دا.

• عەللامە شێخ (محمد بن ابراهيم) نامەیەكی هەیە لە نەهێشتن و نەكردنی مەولودا، سەیر كۆی فەتواكانی بكە (95-48/3 ) كە زۆرێك لەو فەتوا جۆراو جۆرانەی سەبارەت بە مەولد لە خۆ گرتووە.

• عەللامە شێخ (عبدالله بن محمد بن حميد) لە نامەیەكیدا لە ژێر ناوی (هداية الناسك في اهم المناسك).

• عەللامە شێخ (عبدالعزيز بن باز) لە نامەیەكیدا لە ناوی (حكم الاحتفال بالمولد النبوی).

• عەللامە شێخ (محمود بن عبدالله التويجری) لە نامەیەكدا لە ژێر ناوی (الرد القوي على الرفاعي والمجهول وابن علوي وبيان أخطائهم في المولد النبوي).

• شێخ عەللامە (إسماعيل الانصاری) كە نامەیەكیدا لە بە ناوی (القول الفصل فی حكم الاحتفال بمولد خير الرسل) كە لە باشترین ئەو بابەت و نوسراوانەیە كە بینیومن.

• عەللامە شێخ (محمد صالح العثيمين).

• عەللامە(شێخ عبدالله بن جبرين).

• شێخ (صالح بن فوزان الفوزان).

• فەتوایەكی تر لە گۆڤاری (التوحيد) هەیە كە لە میسر دەردەچێت لە لایەن كۆمەڵی (انصار السنة المحمدية).

**خۆشەویستان:**

لە کاتێکدا کە دەڵێین مەولود نەبەوی بیدەعەیە مانای ئەوە نیە کەوا ئێمە پێغەمبەرمان خۆش ناوێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە وەکو پێشتر باسمان کرد خۆشەویستی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بنچینەیەکە لە بنچینەکانی ئیمان و باوەڕ، وە دەبێت لە نەفسی خۆمان خۆشترمان بوێت وبە گوفتار وکردار ئەو خۆشەویستیە بسەلمێنین.

لە کۆتاییدا داواکارم لە خوای گەورە خۆشەویستی پێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وسلم زیاتر بکات لە دڵەکانماندا ورێگای ڕاست ودروستمان پیشان بدات ولە هەموو بیدعە ولادانێك بمانپارێزێت.